
# فرانسوا ساغان

**ماری دۆمینیك لۆلیڤر**




**و: هەورامان وریا قانع**

دانەری ئەم کتێبە نووسەرو ڕۆژنامەنووسی فەڕەنسیی ناسراو خانم "دۆمینیك لۆلیڤر"ە، ئەم خانمە بەوە ناسراوە کە پۆرترێت یاخود وێنەی کەسایەتییە سیاسیو هونەرمەندو نووسەرە گەورەکان بە شێوازێکی کاریکاتێریی گاڵتەئامێز دەکێشێتو لە ڕۆژنامەی (لیبراسیۆن)ی فەڕەنسی بڵاویاندەکاتەوە. پێشتر دوو ڕۆمانی بڵاوکردۆتەوە، هەروەها ژیاننامەی گۆرانیبێژی ناسراو "سێرج گانسبۆرگ"ی بڵاوکردۆتەوە.

دانەر لەم کتێبە تازەیەدا بەسەرهاتی ژیاننامەی ناودارترین ئەدیبی فەڕەنسی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەخاتەڕوو، واتە ژیاننامەی "فرانسوا ساغان". ئاشکرایە "فرانسوا ساغان" لە تەمەنی هەژدە ساڵیداو لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی یەکەم ڕۆمانی (بەخێربێیت ئەی خەم) ناوبانگی دەرکرد، ئەمەش لە مێژووی ئەدەبدا شتێکی دەگمەنە، ئێمە ئاگاداری ئەوەنین کەسێك هەبێت لەو تەمەنە کەمەدا شاکاری ئەدەبیی نووسیبێت، تەنها

"رامبۆ" نەبێت لە بواری شیعردا.

دواتر دانەر بەردەوام دەبێتو دەڵێ: بەڵام شاکارە ئەدەبییەکەی "فرانسوا ساغان" وەك ئابڕوچوونێکی گەورە وابوو، فەرەنسای ئەوکاتی هەژاند، ئێمە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمداین، لەو سەردەمەدا فەرەنسییەکان خەڵکانێکی نەریتخوازبوونو پەرۆشی سومعەو ئادابی خۆیان بوون، بەتایبەتی خانەوادە بۆرجوازییە دەوڵەمەندەکان، "فرانسوا ساغان" خۆشی یەکێك بوو لەوان. "فرانسوا ساغان" لەبەر ئەوەی لە ڕۆمانەکەیدا بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکراو ڕاشکاوانە باس لە پەیوەندییە سێکسییەکان دەکات، باوکی هەڕەشەی لێدەکاتو پێی دەڵێ: (نەخڵەتابی ڕۆمانەکە بەناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە بڵاوبکەیتەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ئابڕوچوونی منو هەموو خانەوادەکەمان، من نامەوێ سومعەم لەلای خەڵکی نەمێنێو تێکبچێت، بەناوێکی خواستراوەوە یان هەر بەبێ ناو بڵاویبکەرەوە).

ئاشکرایە "فرانسوا ساغان" بەناوی "ساغان"ەوە بانگیان نەدەکرد، بەڵکو بەناوی "کواریز"ەوە بانگدەکرا. هەموو خەڵکی لە قوتابخانە دەیانزانی کچێکی زیرەك، بوێر، چاونەترس هەیە ناوی "فرانسوا کواریز"ە، لەو سەردەمەدا کەس ناوی "فرانسوا ساغان"ی نەبیستبوو، ئەم نەبیستنەش لەبەر هۆکارێکی سادەبوو، ئەویش ئەوەبوو "فرانسوا کواریز" جارێ ناوی "ساغان"ی وەك نازناوێك یاخود وەك ناوێکی خواستراو هەڵنەبژاردبوو. "فرانسوا ساغان" پێش ئەوەی بگات بەو ناوە زۆری بیرکردەوە، تەنها ئەو کاتە ناوی "ساغان"ی هەڵبژارد کە نەخشەیەکی ئەڵمانیای بینیو تێیدا چاوی بە شارێك کەوت ناوی "ساغان"ە، ئیدی ئەوکات دەمودەست بڕیاریدا ڕۆمانەکەی بەناوی "فرانسوا ساغان"ەوە بڵاوبکاتەوە، ئا بەم شێوەیەو بەم ناوە ناوبانگی پەیداکرد، بەجۆرێك خەڵکی ناوە ئەسڵییەکەیان لەبیرچووەوە، بگرە چیتر کەس نەبوو ئەو ناوە بزانێ.

ئایا دەزانن نووسەری گەورە "ستاندال" هەمان شتی کردووە؟ ئەویش ناوی "ستاندال" نەبوو، بەڵکو ناوی "بایل"بوو، بەڵام ئەم ناوەی هەڵبژارد تاکو لە جیهانی ئەدەبدا ناوبانگی پێدەربکات، "ستاندال"یش ناوی شارێکە لە ئەڵمانیا. لێرەوە "فرانسوا ساغان"یش وەك سەلەفە گەورەکەی پێشخۆی کرد، واتە وەك "ستاندال" کە خاوەنی ڕۆمانی (سوورو ڕەش)ە، ڕۆمانی سوورو ڕەش لە مێژووی فەرەنسادا بە مەزنترین ڕۆمان دادەنرێت.

مەسەلەکە هەرچۆنێك بێت، ڕۆمانەکەی "فرانسوا ساغان" گەرچی بەلای زۆربەی زۆری خەڵکەوە وەك شۆکێك وابوو، بەڵام لەلای ئەدیبێکی ناسراو شوێنی بایەخبوو، ئەو ئەدیبە ناسراوە "فرانسوا مۆریاك"بوو، "فرانسوا مۆریاك" گەرچی پیاوێکی مەسیحی بوو، بڕوای بە ئاین هەبوو، وەلێ سەرسامبوو بەو شێوازە جوانو سەرنجراکێشەی ڕۆمانەکەی پێنووسرابوو، بۆیە لە گۆڤاری (ئێکسبرێس) وتارێکی لەسەر نووسیو تێیدا گوزارشتی لەو سەرسامبوونەی خۆیکردبوو. دەکرێ بڵێین ئەم وتارە بەشداربوو لە خێرا بڵاوبونەوەی ڕۆمانەکەو لە ناوبانگدەرکردنی "فرانسوا ساغان"، چونکە "فرانسوا مۆریاك" لەو سەردەمەدا بە لووتکەی ئەدەبی ڕۆمانو فیکری فەرەنسی دادەنرا، هەروەها هاوڕێی جەنەراڵ "دیگۆڵ"بوو، وتارەکانی لە گۆڤاری (ئێکسبرێس) لەلایەن هەموو کەسایەتییەکانی فەرەنساو ملیۆنان خەڵکەوە دەخوێنرایەوە، لێرەوە نووسینەکانی کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر جەماوەری ڕۆشنبیری فەرەنسی هەبوو.

پاشان ڕۆمانەکە پاداشتێکی گرنگی بە بڕی 100هەزار فرەنکی فەرەنسی بەدەستهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی "فرانسوا ساغان" خاتونێکی گەنج بوو، هیچ حسابێکی بانکی نەبوو، بۆیە نەیانتوانی پاداشتەکەی بە شێوەی چەکێکی بانکی بدەنێ، بەڵکو پاداشتەکەیان بە پارە پێدا، بەمشێوەیە بە بڕێکی زۆری پارەوە گەڕایەوە بۆماڵەوە کە هەرگیز لە ژیانیدا ئەو بڕە پارەیەی وەرنەگرتبوو. ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن کە پاداشتەکەیان بەخشییە ڕۆمانەکە، لە گرنگترین نووسەرە بەناوبانگەکانی ئەو سەردەمی فەرەنسا پێکهاتبوون، لەوانە "مۆریس بلانشۆ" گەورەترین ڕەخنەگری ئەدەبی سەدەی بیستەم، "جۆرج باتای" یەکێکە لە گەورەترین بیرمەندەکان، "ڕۆجێ کایوا" فەیلەسوفێکی بەناوبانگ بوو..هتد. هەر هەموویان کەوتبوونە ژێر کاریگەریی سیحری ئەم ڕۆمانە

بوێره، ئابڕوبەرانەیە کە کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ نووسیبوی.

دواتر ڕۆمانەکە سەرکەوتن لەدوای سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت، دەزگای (جۆلیار) کە ڕۆمانەکەی بڵاوکردبووەوە، لەو بڕوایەدابووە لە پێنج هەزار دانە زیاتر لە ڕۆمانەکە نەفرۆشرێت، کەچی دەبینێ تەنها لە ماوەی یەك مانگدا چلوپێنج هەزار دانەی لێ دەفرۆشێت، پاشان لە ماوەی دوو مانگ بۆ سێ مانگ ژمارەکە بۆ دووسەد هەزار دانە بەرزدەبێتەوە. لێرەوە "فرانسوا ساغان" بەهۆی تەنها ڕۆمانێکەوە زۆر دەوڵەمەند دەبێت، ئاشکرایە لە فەرەنسا نووسەران گەر ناوبانگیان دەرکرد لەسەر کتێبەکانیان دەژین، چونکە مافەکانیان پارێزراوەو دەزگاکانی بڵاوکردنەوە فروفێڵیان لەگەڵدا ناکەن. ئەو نووسەرەی لە ڕۆمانێکی یان لە کتێبێکی نیو ملیۆن یاخود ملیۆنێك یان زیاتر دەفرۆشێت، ئیدی دەبێتە نووسەرێکی دەوڵەمەندو پێویست ناکات بۆ ئەوەی بژی هیچ کارێکی دیکە بکات. ئا بەمشێوەیە "فرانسوا ساغان" ژیانی بە سەرکەوتنێکی بێوێنە دەستپێکرد، چونکە وەك زانراوە نووسەران تەنها لەدوای تەمەنی پەنجا ساڵیداو دوای بڵاوکردنەوەی چەندین کاری ئەدەبی، ئینجا ناوبانگ دەردەکەن. بەشێوەیەکی گشتی کارەکانی سەرەتای دەستپێکردنیی نووسەران بەکاری نووسین، ئەزموونێکی پێنەگەیشتووی کاڵوکرچە، تەنها ئامانجێك لە ئەزموونی سەرەتاییان بریتییە لەوەی ئامادەیان دەکاتو پێیاندەگەیەنێت تاکو دواتر داهێنانی گەورە ئەنجامبدەن، وەلێ "فرانسوا ساغان" لە یەکەم دەستوەشاندنی خۆیدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

دواتر دانەر بەردەوامدەبێتو دەڵێ: بەڵام ئەم ناوبانگە دواتر بەزەرەر بەسەریدا شکایەوە، چونکە خەڵکی تەنها ڕۆمانی یەکەمیان لەبیربوو، ئەوان لەبیریان چووەوە "فرانسوا ساغان" دوای ئەوەی دەیان ڕۆمانو کتێبی دیکەی نووسی، کەچی کاتێ سەبارەت بە کارەکانی "فرانسوا ساغان" پرسیار لە یەکێکیان دەکەی، ئەوا تەنها ناوی یەکەم ڕۆمانی دەهێنن، ئەم ڕۆمانە نەمرە کە لە ساڵی 1954دا بڵاوبووەوە، دوای ئەویش "فرانسوا ساغان"چەندین ڕۆمانی نەمری دیکەی نووسی کە بەهای هیچیان لە بەهای ئەو ڕۆمانەی یەکەمی کەمترنییە، ئەمە گەر زۆرترنەبێت. لەو ڕۆمانانە ڕۆمانی (پێکەنینێك) ساڵی 1956، ڕۆمانی (لە مانگێکدا، لە ساڵێکدا) 1957، ڕۆمانی (ئایا برامزتان خۆشدەوێ) ساڵی 1959، ڕۆمانی (تۆزێك خۆر لە ئاوێکی سارددا) ساڵی 1969. "فرانسوا ساغان" زۆری نووسی، بگرە بەشێوەیەکی عەمەلی هەموو ساڵێك کتێبێکی چاپکردووە، بەڵام کەس هیچی لەبیرنەماوە تەنها ڕۆمانی یەکەمی نەبێت، ئەو ڕۆمانەی ڕۆمانەکانی دواتری داپۆشی، ئەمەش زوڵمە.

دواتر دانەری ئەم کتێبە بەشێك بۆ پەیوەندیی نێوان "فرانسوا ساغان"و "جان پۆل سارتەر" تەرخاندەکات، ئەم پەیوەندییە لە دوا ساتەکانی تەمەنی "جان پۆل سارتەر"ی فەیلەسوفدا رویدا، لەوکاتو ساتەدا "سارتەر" بەتەواوی کوێربوو. هەربۆیە "فرانسوا ساغان" دڵی پێی سوتاو بەزەیی پێداهاتەوەو بایەخی پێدا، "فرانسوا ساغان" هەر دەرۆژ جارێك "سارتەر"ی دەبردە دەرەوەو دەستی دەگرت تاکو دەیگەیاندە گازینۆکەو لەسەر کورسییەکەی دادەنیشت، بێگومان هەموان لە چاخانەکەدا ئەو دوانەیان دەناسی، بۆیە دەمودەستو بەخێرایی خزمەتیان دەکردن. "فرانسوا ساغان" هەستی بە خۆشییەکی لەرادەبەدەر دەکرد کە لە حزوری نووسەرێکی مەزندا دانیشتووە، "فرانسوا ساغان" لە سەرەتای ژیانیو گەنجیەتیدا سەرسام بووە بە "جان پۆل سارتەر". ناوی "سارتەر" لە سەرەتای ژیانی ئەدەبی "ساغان"دا تەواوی پاریسی داپۆشیبوو، "ساغان" لەبەر گەلێ هۆکار سەرسامبووە بە "سارتەر"، لەو هۆکارانە کەرەمی حاتەمیانەی "سارتەر".

"سارتەر" بەبێ حساب پارەی بەسەر خەڵکیدا دابەشدەکردو بەبێ ئەوەی لە بەرامبەردا داوای هیچ شتێکیان لێبکات. "فرانسوا ساغان"یش تەواو وەك "سارتەر" وابووە، ئەویش بەخشندەو دەستبڵاوبووە، بەشێوەیەك هەندێجار دەستبڵاوییەکەی گەشتووەتە ئاستی بەفیڕۆدان. هەروەها هۆکارێکی دیکەی ئەوەی "ساغان" سەرسام بووە بە "سارتەر" ئەوەبووە کە "سارتەر" خەڵاتی نۆبڵی ڕەتکردەوە، گەرچی ئەو خەڵاتە پارەکەی یەجگار زۆربوو، لە ئێستادا خەڵاتی نۆبڵ زیاد لە 2 ملیۆن یۆرۆیە، ئەمەش ژمارەیەکی زۆر گەورەو موغرییە.

**سەرچاوە:** بیان الکتب 13/4/2008